# له بەردەم حیکایەتەکانی کۆچدا

عومەر کەریم بەرزنجی

بایەک دێ و پەڕەی ئەو گوڵانە هەڵدەوەرێن

بایەک دێ و گەڵای زەردی تەمەن,

بەبەژنی زراڤی دارچناری خەونەکانەوە نامێنن.

دەستێ لە دەرگا دەدات!!!

دەستێ قژی باخچەکان دەرنێتەوە!!!

زریکەیەک رام دەچڵەکێنێت,

حیکایەت خوانێک:

چیرۆکی ئەو کۆچەم بۆ دەگێرێتەوە...

مناڵێکی پێپەتی بوی, لەسەر شۆستەی ساردوو سڕی

ئەم شارەدا....

قەدەر بەرەو کەناری مەرگ دەیبردی.

زریکەیەک تەزوویەک بەگیانما دێنێ

ئەوە زریکەی کام مەلی پەراگەندەی

ئەم وڵاتە سووتماکەیە

لە پەنجەرەی تەم لێنیشتووی

ئەم میوانخانەی بوونەوە...

دێتە ژووری....!!!

دەنگێکەو دێ!!!

باهۆزێکەو لەگەڵ خۆیدا

مێژووی چەقۆی هەڵگرتووە

لەگەڵ خۆیدا کۆترێکی پەراگەندە..

دێنێ و دەبا

مەلی تەریوی خەیاڵم, پەناو پەسێوێک شک نابا

بۆ ساتێک پەنای بۆ ببا

**دڵم هەنارێکی گوشراوەو فڕێی دەدەم!!؟؟**

**سەرم کورەی گڕگرتووی کارەساتێکە.**

**چەقۆی مەرگی خۆمی تێدا سازدەکەم.**

**لە ژمارە"38"ی ڕۆژی2002/12/1ی هەفتەنامەی "شارستانی"دا بڵاوکراوەتەوە.**